شاخەوان عەبدوڵا: ئێگری هیچ موچڕی فەرمانبەران بخرێتە سەر خەرجی سیادی



جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەدات، بیرکێیک هیچ بە ئەوی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە خەرجی راستقینە جیا بکرێتەوە و بخرێتە سەر خەرجی سیادی.

ئەم دووشەممە، شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لەبارەی سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا رایگەیاند، رۆژی چوارشەممەی داهاتوو، 18ـی ئۆکتۆبەری 2023، شاندی هەولێر و بەغدا کۆدەبنەوە و هەوڵدەدرێت بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە خەرجی راستقینە (ئینفاقی فیعلی) جیا بکرێتەوە .

جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لە بۆشکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی پێ کرد، "بیرکەی ئەوە هەیە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر خەرجی سیادی، بێیە بەهەر شێوازێك بێت دەبێت بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان چارەسەر ببێت".

شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیارە سبەی سەردانی بەغدا بکات، لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری؛ ئومێد سەباح، سەرکی دیوانی ئینجوومەنی وەزیران؛ ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئینجوومەنی وەزیران؛ عەبدولحەکیم خەسرەو، سەرکی فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون و ژمارەیەک ڕاوێژکار پێکدێت.